# هەرکەسێک نوێژێکی لەبیرچوو ؛ ئەوا با نوێژەکە ئەنجامبدات ئەگەر بیری کەوتەوە، وهیچ کەفارەتێکی نیە مەگەر ئەوە نەبێت

له ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«هەرکەسێک نوێژێکی لەبیرچوو ؛ ئەوا با نوێژەکە ئەنجامبدات ئەگەر بیری کەوتەوە، وهیچ کەفارەتێکی نیە مەگەر ئەوە نەبێت : {وَأَقِمِ الصَّلاةَ لِذِكْرِي} [طه: 14] {و بەچاکی نوێژ ئەنجام بدە بۆئەوەی هەمیشه منت لە یاد بێت}».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە هەرکەسێك ئەنجامدانی نوێژێکی فەرزی لەبیرچوو ؛ هەتاوەکو کاتەی نەما، ئەوا دەبێت دەستبەجێ نوێژەکە ئەنجام بدات ؛ هەرکاتێك بیری کەوتەوە کە ئەو نوێژەی نەکردووە، هیچ شتێك تاوانی وازهێنان لەو نوێژە ناسڕێتەوە وداپۆشێت مەگەر ئەنجامدانەوەی نەبێت کاتێك بیری دەکەوێتەوە، خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: {وَأَقِمِ الصَّلاةَ لِذِكْرِي} [طه: 14] {و بەچاکی نوێژ ئەنجام بدە بۆئەوەی هەمیشه منت لە یاد بێت} ؛ ڕاڤەیەك بۆ ئەم ئایەتە ئەوەیە نوێژ بەڕێکی وتەواوی ئەنجام بدە هەرکاتێك بیرت کەوتەوە کە لەبیرت چووە ؛ ئینجا کاتی نوێژ مابێت یان نەما بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65088